بارزانی: هەر گەلێک ئیرادەی هەبێت دواجار سەردەکەوێت



ئەژی یەکشەممە 16ی تشرینی دووەمی 2025 لە پیرمام، مەسعود بارزانی پێشوازی لە لی جونیل باێزی کەریای باشوور لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە سنچڵ لیم کونسولی گشتی کەریای باشوور لە هەولێر ئامادەی بوو، باێیزی کەریای باشوور پیرۆزبایی لە بارزانی کرد بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پارتی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستی هێناوە و هەروەها ستایشی ئەو پشکۆتن و گیانکارییانەی کرد کە لە ساڵانی ڕابردوو لە سایەی سەقامگیری و پلانی ڕێکوپێک لە هەرێمی کوردستان هاتووتە ئاراوە.
ڕاشیگەیاند، پێیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ گەلی کوردستان لە کاتی بوونی تیپی زێیتون لە هەولێر هاتنە ئاراوە و ئێستا گۆشەی زێری لە بواری وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیا و بوارەکانی تر بینوە و هیوای خواست ئەو پێیوەندییانە فراوانتر ببن.

هەر لەو دیدارەدا بارزانی وەڵای بەخێرهێنانی شاندی میوان جەختی لە دەستایەتی و پێیوەندی نێوان گەلی کوردستان و گەلی کەریای باشوور کردەوە. ئەوەشی خستەڕوو کە گەلی کوردستان هاوپەیمانێکی زۆر

ئیجابیان بەرانبەر وەاتی کەریای باشوور و گەلەکەی هەیە. لە بەشکی تری ئەو دیدارەدا ڕۆشنایی خرایە سەر مژووی خەبات و کۆنەدانی گەلی کوردستان و بارزانی ئەوی دووپاتکردەوە کە هەر گەلێک ئیرادەی هەبێت دواجار سەردەکەوێت و پێش دەکەوێت.

پرسی سیاسیی عێراق و هەنگاوەکانی دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڕەشەکانی تیرۆر لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە تەوەری تری ئەو دیدارە بوون.